## ناوی کتێب: **کاتێک سێزده ساڵ بووم بوومه سامی**

ئەم کێبه له نووسینی "مۆنیکا زاک"ه و سیروان کاروانی له سوێدییەوه وەریگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی. نیگارەکان: یوناس ئاندەشۆن و ئان-ماری ئاندەشێن. وێنه لاپەڕە2: بێپپیۍ ئارڤیدسسۆن. لاپەڕە31: میککێ ساندستروێم. وێنەی ڕووی بەرگ: یوناس ئاندەشۆن. چاپ: بروومما، سوێد 2007. (ISBN 91-973358-8-6)




کتێبی "**کاتێک سێزده ساڵ بووم بوومه سامی**" دەربارەی (ساندرا داهلبێری) کچێکی بەڕەگەز نیوەسامیی ناوچه سەرسنوورییەکانی باکووری وڵاتانی سکاندینافیایه. ئەو کچه له تەمەنی سێزده ساڵییەوه هەستی نەتەوایەتیی لەگیاندا بزواوه و هەروەک له وڵاتێکی وەک سوێد و لەناو گەلی سوێدیدا ژیاوه، هەستی کردووه بەوەی که ئەو بەهۆی دایکییەوه که له ڕەگەزی سامییەکانه، ئەوا بەشێکی

دەچێتەوە سەر ئەوان و لەوێوە ویستوویە خۆی فێری ئاخافتن و نووسین و خوێندنەوە بە زمانی سامی بکات. بێجگەلەوەش "ساندرا"ی کچە سامی کە لە ناوچەکانی باکووردا ژیاوە و ئەوێش پڕ لە دار و دارستانە، خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ژینگە هەبووە، ئەو هەر لەو کاتەوەی بچکۆلە بووە خەباتی کردووە بۆ ڕزگارکردنی ژینگە و سروشت، ئەو دەڵێت:
- من پێم خۆشە بە تەنها لای تاڤگە گچکەکەم لەسەر بەردێک دابنیشم و گۆرانیی (یۆیک) کە هی سامییەکانە بچڕمەوە.
بەگوێرەی بیروباوەڕی ئایینیی کۆنی سامییەکان هیچ کەسێک ناتوانێ خاوەنی خاک، با یاخود ئاو بێت. سروشت بۆ هەموو ئەوانەیە کە لەوێدا دەژین، واتە بۆ مرۆڤ و تەواوی ئاژەڵان.
گەلی سامییەکان لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە بە ئاشتی لەسەر خاکدا ژیاون. ئەوان پێیان دەگوترێ گەلی بەڕەچەڵەک، لەبەرئەوەی یەکەمین کەسن کە لەو هەرێمانەی نیشتیمانی خۆیان، باکووری وڵاتانی سکاندیناڤیا سوێد، نەرویج، فینلاند و نیمچەدوورگەی کۆلا لە ڕووسیا دەژین.

# من سەربەرزم کە لە ڕەگوڕیشەی سامیم

ئەمڕۆ، ساڵی 2006، "ساندرا" تەمەنی 27 ساڵە و گۆرانیبێژێکی ناسراوە. ئەو ئێستا کراسێکی کۆنی ژنانەی لە شوێنگەی ئایینیی شار کڕیوە. ئەو کراسە لە فێستیڤاڵی گۆرانیدا دەپۆشێت. جاری پێشتر کە لە فێستیڤاڵی گۆرانیدا نواندنی کرد بەپێی پەتی بوو. ئەم جارە پۆتینی خۆش لەپێ دەکات. "ساندرا" دەڵێ:

- داپیرەم ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی مندا بینیوە. ئەوە ئەو بوو دەرگەی سامی، یۆیک، ڕێزگرتن لە سروشت، زمانی سامی، هەموو ڕووەکێکی دەرمانیی بۆم کردەوە کە زۆری دەربارەیان دەزانی. ئێمە زۆر گۆرانیمان پێکەوە چریوە.

"ساندرا" قۆناغی ئامادەییی تەواو کرد و لە زانکۆیەکدا دەستی بە خوێندن کرد کە لەوێدا خۆی بۆ موسیکی کلاسیکی و گۆرانیی ئۆپێرا تەرخان کرد. لە هەمان کاتدا بە بەرنامەیەک کە یۆیک و موسیکی باوی تێدابوو، لە دەوروبەر ناوچەکانی باکوور کاری نواندنی کرد.

- من هەمیشە باسی کولتووری سامییەکانم دەکرد کاتێک کاری نواندنم دەکرد و جلوبەرگی سامیم لەبەر دەکرد کە خۆم لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا دووریم. بەڵام جارجارە کە گۆرانیی یۆیکم دەچرییەوە، خەڵکی سامی هەڵدەستان و دەڕۆیشتن. ئەوان پێیان وانەبوو کە من بۆ ئەو کارە دەگونجێم. من قژزەردم و سامیی تەواو نیم. من گوێ بەوە نادەم. من باوەڕم وایە هەر کەسە و دەبێت ددان بە ڕەچەڵەکی خۆیدا بنێت. من سەربەرزم کە لە ڕەگوڕیشەی سامیم و بەوەش سەربەرزم کە بنەچەی ئەوانەم هاتوون و لە ناوچەی باکووردا شوێن نیشتگەیان دروست کردووە. ئەوە هیچ هەڵەیەک نییە کە تێکەڵاو بیت، بەڵکوو بەپێچەوانەوەیە.